# پێوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت-عێراق لە ماوی جەنگی عێراق ئێراندا (۱۹۸۰-۱۹۸۸)
# توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە

**پ.ی.د/ کەمال عەلی محەممەد[۱]، مامۆستا/هەستیار محەممەد عەلی سەید محەممەد[۱]**

۱زانکۆی سلێمانی - کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان - بەشی مێژوو
hastyar.ali@univsul.edu.iq

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ۲۰۲۰ پ.ی.د/ کەمال عەلی محەممەد، مامۆستا/هەستیار محەممەد عەلی سەید محەممەد



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە سـەردەمێکی گرنگ لە پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی سـۆڤیەت و عێراق , لە ماوەی جەنگی هەشـت ساڵەی عێراق ئێراندا ۱۹۸۰-۱۹۸۸ کە زۆر جار بە جەنگی یەکەمی کەنداو ناو دەبرێت , ئەو دەم یەکێتی سۆڤیەت یەکێك بووە لە زلهێزە گەورەکانی جیهان و ڕۆژگاری جەنگی ساردی نێوان ئەوان و ئەمریکا , لە دەستپێکی جەنگەکەدا سـۆڤیەت بە هیچ شـێوەیەك ڕەزامەند نەبوو بە تێوەگلانی عێراق لە جەنگی ئێرانەوە , تەنانەت کاتێك عێراق جەنگی دژ بە ئێران ڕاگەیاند لە دوو ساڵی سەرەتای جەنگدا سۆڤیەت هاوکاری ئێرانی دەکرد , بەڵام دواتر بووە هاوکاری عێراق و پشـتیوانی لێدەکرد , بە درێژایی سـاڵانی جەنگ چەکی بەکارهاتووی عێراق چەکی دروسـتکراوی سۆڤیەتی بوو کە پێش دەستپێکردنی و لە ماوەی جەنگدا وەریگرتبوو .

تویژینەوەکەمان لە یەك بەش پێکهاتووە ودواتر داشکراوە بەسەر دوو باسدا:

بەشی یەکەم:

پێوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت-عێراق لە ماوی جەنگی عێراق ئێراندا (۱۹۸۰-۱۹۸۸):

باسی یەکەم:

پێوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت-عێراق لە ماوەی ساڵانی (۱۹۸۰-۱۹۸٤) دا:

ئەم باسـە تایبەتە بە چوار سـاڵی سـەرەتای جەنگی هەشـت سـاڵەی عێراق - ئێران و پەیوەندی سـۆڤیەت لە گەڵ عێراقدا لەو ساڵانەدا .

باسی دووەم:

پێوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت- عێراق لە ماوەی ساڵانی (۱۹۸۵-۱۹۸۸) دا:

لەم باسەدا تیشك خراوەتە سەر پەیوەندی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە لە ساڵی ۱۹۸۵-۱۹۸۸ , بەو پێیەی ساڵی ۱۹۸٦ دا سـاڵی ئاشـکرا بوونی (ئێران کۆنترا ۱۹۸٤-۱۹۸٦) وەك یەکێك لە ڕێککەوتنە نهێیەکانی ئەو جەنگە کە ئەمریکا ژێر بە ژێر هاوکاری ئێرانی دەکرد , لە ڕووی سەربازیەوە ئەم کارە قۆناغێکی نوێ لە هەڵوێستی سۆڤیەت و هاوکاری کردن لەگەڵ عێراقدا دەهێنێتە ئاراوە .

**ملخص البحث**

يتناول بحثنا هذا حقبة فى غاية الاهمية فى العلاقات العراقية – السوفياتية , وهى فترة الحرب العراقية الارانية و تعرف ايضا بحرب الخليج الاولى ١٩٨٠-١٩٨٨.

حينما كانت اتحاد السوفياتى احدى الدولتين العظيمتين فى العالم , و عندما بدات الحرب لم توءيد الاتحاد السوفياتى العراق فى الحرب مع ايران وفعلت العكس فى العامين الاولين من الحرب و ساندت الايران باالسلاح و المعدات الحربية , ولكن بالرغم من هذا كان السلاح العراقى المستخدم فى تلك الحرب مع ايران سلاحا سوفياتيا قد اخذته عراق من تلك الدولة قبل الحرب او اثناءه , اذا تبدلت الاحداث اصحب السوفيات الدولة المؤيد للعراق و داعمة له منذ منتصف حقبة الثمانينات فى القرن المنصرم قسمنا بحثا هذا على مبحثين .

المبحث الاول :

العلاقات العراقية – السوفياتية ( ١٩٨٠ -١٩٨٤ ) العلاقات العراقية –السوفياتية , سلطنا الظوء فى هذا المبحث على السنوات الاربعة الاولى من الحرب و طبيعة العلاقات بين الدولتين .

المبحث الثانى :

تحدثنا فى هذا المبحث عن تطور العلاقات السوفياتية –العراقية فى سنوات ١٩٨٥-١٩٨٨ , كون عام ١٩٨٤-١٩٨٦ السرية , حيث كان الامريكان يساندون ايران بشكل سرى , و عند انكشاف تلك الصفقة تغيرت الموقف السوفياتى بشكل لافت للنظر و اصبحت الداعم الرئيسى و الاساسى للعراق فى حربها مع ايران .

**Abstract**

Our research deals with an important era in Iraqi-Soviet relations, the period of the Iran-Iraq War, also known as the First Gulf War of 1980-1988.

When the Soviet Union was one of the two great nations in the world. When the war began, the Soviet Union did not support Iraq in the war with Iran. It did the opposite in the first two years of the war and supported Iran with weapons and war equipment. Iran is a Soviet weapon that Iraq has taken from that country before or during the war. If the events change, the Soviets, the pro-Iraq state and its supporters since the mid-1980s, have been divided in the past century.

The first topic :

The Iraqi-Soviet Relations (1980-1984) The Iraqi-Soviet relations highlighted the first four years of the war and the nature of relations between the two countries..

The second topic :

In this study we discussed the development of the Soviet-Iraqi relations in the years 1985-1988, the secret of 1984-1986 , when the Americans were secretly supporting Iran, and when the deal was exposed, the Soviet position changed dramatically and became the main and main supporter of Iraq in its war with Iran..



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## بەشی یەکەم:

## پێوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت- لە ماوی جەنگی عێراق ئێراندا (١٩٨٠-١٩٨٨):

### باسی یەکەم:

### پێوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت-عێراق لە ماوەی ساڵانی(١٩٨٠-١٩٨٤) دا:

دەوڵەتی سۆڤیەت لەماوەی جەنگی عێراق- ئێراندا (١٩٨٠- ١٩٨٨) کاریگەری سیاسەتی دوو سەرۆکایەتی پێوە دیاربوو کە بریتی بوون لە لویدبرژنێف (١٩٦٤-١٩٨٢) و گۆرباپچۆف (١٩٨٥-١٩٩١).هەرچەندە دوای برژنێف دوو سەرۆکی تر بوونە فەرمانڕەوا بەڵام دەستوری یەکێتی سۆڤیەت و سیاسەتی دەرەکی سۆڤیەتیان نەگۆڕی کە بریتی بوون لە یوری ئەندرۆپۆف (١٩٨٢-١٩٨٤) کەستەنتین چێرنینکۆ (١٩٨٤- ١٩٨٥) , هەریەکە لە دووسەرۆکایەتی(برژنیف و گۆرباچۆف) دۆکترین و سیاسەتی تایبەتی هەبوو , کە کاریگەریەکی جیاوازی لەسەر ڕۆژهەڵات بەگشتی و عێراق بەتایبەتی هەبوو , ڕەوش و بارودۆخی سیاسی و ئابووری هەریەك لە عێراق و یەکێتی سۆڤیەت بەدرێژایی ساڵانی (١٩٨٠- ١٩٨٨) کاردانەوەی لەسەر پەیوەندیەکانی نێوانیان هەبووە ,ئەگەر بڕوانینە ڕەوشی سیاسی سۆڤیەت کە لە سەردەمی هەریەکە لە برژنێف و گۆربایچۆف سەبارەت بە ناوچەکە ، چۆنێتی کارکردنیان لەسەردەمی سەرۆکایەتیاندا زۆر لەیەك جیاواز بوون , برژنێف لە سەردەمی دەسەڵاتیدا پێداگری دەکرد لە باسکردنی ئاشتی سەرتاسەری لە جیهاندا و دوورکەوتنەوە لە دەرئەنجامەکانی جەنگە جیهانیەکان دەکردەوە[١] .

بەڵام کێبەرکێی خۆ پڕ چەککردنی دەکرد[٢]، جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە کاربکرێت بۆئەوەی بارودۆخێکی نێودەوڵەتی لە پێناو دابینکردن و بەرقەرار کرنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیدا بەرقەرار بکرێت لەڕێی پارتەکانی سەر بە یەکێتی سۆڤیەتەوە و پارتەکان و لایەنگرانیان ئاگاداربکرێنەوە تاوەکو ڕۆڵیان هەبێت بۆ پاڵپشتی کردنی هەموو نەتەوەکان لەپێناوی تێکۆشان بۆ سەربەخۆ بوون بەرقەراربوونی ئاشتی لەدژی دەسەڵاتی بۆرجوازەکان[٣]، لەبەرئەوە داوایکرد کە دەبێت پارتە کۆمۆنیستەکان و گەلی سۆڤیەت تێبکۆشن لەم پێناوەدا لەسەرجەم ناوچەکاندا و لەڕاستیدا یەکێتی سۆڤیەت وەکو دەسەڵاتێکی بەهێزی جیهانی دەستپێشخەریەکی زۆری کرد بۆ پشتگیری لە سەربەخۆیی[٤] نەتەوەکان دژی ئیمپریالیزم و سەرمایەداری و بۆرجوازەکان هەموو هاوکاریەکی سەربازیان کردن لە ڕێگای پێدانی چەك و شمەك و ئاڵوگۆڕی سەربازی دژی ئەمریکا و بلۆکی سەرمایەداری و ئەوکاتە سۆڤیەت گەورەترین و فراوانترین کاریگەری لەسەر جیهان دروستکرد بەشێوازێکی فرە ڕەهەندی دارایی و هزری ,کە ئەمانە هۆکاری یارمەتیدەر و ڕێگە خۆشکەری جەنگیش بوون لەناوچەکەدا [٥] .

لەسەردەمی برژنێفدا یەکێتی سۆڤیەت دژی هێرشی عێراق بوو بۆسەر ئێران و بۆماوەیەك هاوکاری سەربازی بۆ عێراق ڕاگرت , هەوڵەکانی گۆرباچۆف لەماوەی حوکمی یەکێتی سۆڤیەتدا بووە هۆی لە ڕەگ و ڕیشە دەرهێنانی

---

1 Geoffry Roberts: The soviet union in world politics , coexistence, revolution ,and cold war ,1945-1991,new York,1999., P. 6 .

2 susanne strenthal :unraveling the soviet union gorbachevs change in world view bid, P. 458.

٣ * برژنێف داوای ئاشتی و سەربەخۆیی نەتەوەکانی دەکرد، بەڵام ژمارەیەك جەنگ و ئۆپراسیۆن سەربازی کرا لەوانە (ڤێتنام، چیکسلۆڤاکیا، سنووری چین و سۆڤیەت، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەنگۆلا، قۆچی ئەفریقی، ئەفغانستان) چەندین شکست و ئابلۆقە ڕوویدا لەئاکامی ئەو پشتگیریانەی لەلایەن ڕێکخراوی هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی وارشۆوە بۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی شیوعیەت لە وولاتان بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا.(Geaffrey Roberts: Op.Cit, P. 64)

4 Geaffrey Roberts: Op.Cit, P. 63

5 Ibid, P. 64- 65.

سیاسەت و بنەما و شێوازی کاری ستالین [٦]، کارەکانی گۆرباچۆف بریتی بوو لە گەڕانەوەی ناوچەکە لەڕووی ئابووری و سیاسی و گوزەرانەوە بۆ ڕەگ و ڕیشە و میکانیزمی سەردەمی (لینین) ، لەپێناوی مسۆگەرکردنی ژیانێکی نوێ بۆ سۆڤیەت و کۆمۆنەی سۆڤیەت [٧]. چاکسازیەکانی سەردەمی گۆرباچۆف بریتی بوو لە بیرۆستریکا و گلاستۆست هەروەها هەوڵیدا لەڕووی کردارەکیەوە بە شێوازی ئاشتیانە ڕەوش و بارودۆخی ناوخۆ و دەرەکی سۆڤیەت بپارێزێت ,گۆرباچۆف مەبەستی بوو شێوازی کاری دەزگا سەرەکیەکانی دەوڵەت بەرەو ئاراستەیەکی نوێ ببات [٨], لەوانە (وەزارەتی بەرگری، وەزارەتی دەرەوە، دامەزراوە پیشەسازیەکان، یەکە سەربازیەکان)[٩] .

سیاسەتی دەرەکی یەکێتی سۆڤیەت بریتی بوو لە پێداگری بۆ نەهێشتنی کێبەرکێی خۆ پڕچەککردن , هەروەها ئایدۆلۆجیای سەربازی هاوپەیمانانی وارشۆ لەم سەردەمەدا ئەوە نەبوو توانایەکی سەربازی لاوازی هەبێت بەڵکو هەوڵەکانیان چڕکردەوە لە پێناوی ڕێگریکردن لە جەنگ فەرمانیان پێکرابوو کە هەمیشە لە ئامادەباشیدا بن بۆ هەڵایسانی جەنگ , گۆرباچۆف لە ساڵی (١٩٨٦) دا ڕایگەیاند کە جەنگی ئەتۆم شتێکی قبوڵکراو نیە بەڵکو پێویستە پەیوەندیەکی پێکەوەیی و ئاشتیانە لەنێوان سۆسیالیزم سەرمایەداریدا بەرقەرار بێت و جەنگی دەرەکی ڕابگیردرێت . تەنانەت لە کانونی یەکەمی/ ١٩٨٧ دا لەگەڵ ئەمریکا ڕێککەوتن لە دیاریکردن و کەمکردنەوەی هەندێك لە چەکەکان[١٠] , کارەکانی گۆرباچۆف بە (destalinization)بە دژە ستالینیزم ناسراوە ، ئەم تێڕوانینە جیهانی سۆڤیەتی گۆڕی لە ئاکامی گەڕانەوە بۆ هەندێك لە بنەما و تێڕوانینی کە مارکس و لینین پەیڕەویان دەکرد، بەو واتایەی گۆرباچۆف سیاسەتێکی نوێی بۆ ئەو سەردەمەی سۆڤیەت پیادەکرد [١١], ڕەوش و بارودۆخی ئابووری یەکێتی سۆڤیەت پشتی بە دوو بنەمای سەرەکی بەستبوو ، یەکەم:- ناردنە دەرەوە و ئاڵوگۆڕی شمەکی سەربازی. دووەم:-هەناردەکردنی خەڵوز و نەوت [١٢], بازرگانیکردن بە چەکەوە لەنێوان دەوڵەتەکاندا مێژوویەکی دێرینی هەیە لە سیەکانی سەدەی بیستدا پێی دەوترا (merchant of death) واتە بازرگانی مەرگ کە لەلایەن فەرەنسا و بەریتانیاوە پەیڕەو دەکرا لەپێناوی بەدەستهێنانی قازانج و سەروەریدا کە بە (war for profit) ناسرابوو , بەڵام لەماوەی جەنگی سارددا بازرگانی کردن بە چەکەوە لەلایەن یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا و چەمکی (سیاسەت و ئابووری) دەگرتەوە , کە زۆرترین بڕە چەکیان

٦ * سیاسەتی سۆڤیەت لەسەردەمی (ستالین)دا حیزب کۆنترۆڵی سەرجەم بواری ئابووری و کۆمەڵگای کردبوو، دەسەڵاتی بەسەر سەرجەم جومگەکانی دەوڵەتدا کێشا بوو، ستالین لەو بڕوایەدا بوو کە دەبێت بنەماکانی شیوعیەت لەنێو دیواری ماڵەکانەوە بۆ دەرەوە دەست پێبکات کە بەشێوازێکی زۆر ستەمکارانە و لە ماوەیەکی کەمدا هەوڵی چەسپاندنی بنەماکانی شیوعیەتیدا. Susanne Sternthal: Op.Cit, P. 453- (454)

٧ بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت لەسەردەمی (ستالین)دا بڕوانە کتێبی: ( The Cold War And Soviet) Insecurity ))

8 ** لە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی وەزارەتی دەرەوە لە مایسی (١٩٨٦)دا کە دیبلۆماتکارەکانی وەزارەت و بەرپرسەکانی وەزارەتی بەرگری ئامادەبوون، گۆرباچۆف ڕایگەیاند کە پێویستە توانای سەربازی سۆڤیەت هەر بە بەهێزی بمێنێتەوە لەپێناوی بەرگری کردن لەخۆی بەبێ ئەوەی زیان لە باری ئابووری دەوڵەت بدرێت، هەروەها گۆرباچۆف لە ساڵی (١٩٨٦)دا ڕایگەیاند کە چەکی ئەتۆم شتێکی قبوڵکراو نیە بەڵکو پێویستە پەیوەندیەکی پێکەوەیی ئاشتیانە لەنێوان سۆسیالیزم و سەرمایەداریدا بەرقەرار بێت و جەنگی دەرەکی ڕابگیرێت )Susanne Sternthal: Op.Cit, P. 459- 461.4IPD(

9 Susanne Sternthal: Op.Cit, P. 453- 456.

10 Susanne Sternthal: Op.Cit, P. 458- 462

11Susanne Sternthal: Op.Cit, P. 458

12 john swift : the plagrave concise historical atlas the cold war , british , 2003, P.15; ross Gregory : cold war America 1946 to 1990 , u.s.a, 2003 ross Gregory : cold war America 1946 to 1990 , u.s.a, 2003:,p.15

وەك هاوكاری بازرگانی و فرۆشتنی بە وولاتانی هاوپەیمانی دەدا , سۆڤیەت لە هەشتاكاندا لە هاوكاری تەكنەلۆجیای لە بواری جەنگ بۆ وولاتانی تر , قازانجێكی زۆرتری كرد بە بەراورد لە هاوكاریە بازرگانیەكانی هەناردەكردنی بواری چەك . هەروەها لە سالانی سەرەتای هەشتاكاندا تا سالی ١٩٨٥ هاوكاری سەربازی ئێرانی كرد و لە (١٩٨٦) ەوە چەكێكی زۆریدا بە عێراق و هەر لە هەشتاكاندا بە بڕی زیاتر لە شەش بلیۆن دۆلار چەكی بە لیبیا فرۆشت ، جگە لەوەی هاوكاریەكی سەربازی زۆری وولاتانی جیهانی سێیەمی كرد , لەوانە (نیكاراگوا، ئەنگۆلا، مۆزەبیق، ڤێتنام، ئەسیوبیا) ,لەم ماوەیەدا زۆرترین چەكی ئەمریكی و سۆڤیەتی لە وولاتانی جیهانی سێیەم بەكارهێندرا، لەماوەی سالانی هەشتاكاندا لەلایەن ئەمریكا و یەكێتی سۆڤیەتەوە بە بڕی (٢٥٠) بلیۆن دۆلار چەكیان بە وولاتان فرۆشت، هەروەها فەرەنسا قازانجێكی زۆری كرد بەهۆی بازرگانیكردن بە چەكەوە [١٣].

سۆڤیەت لە بواری ئابووریدا لە ماوەی سالانی (١٩٧٣-١٩٨٥) دا پشتی بە بازرگانیكردن بە سەرچاوەی وزە بەستبوو , لەم ماوەیە دا فرۆشتنی چەك و بازرگانیكردنی بە نەوتەوە لە ٨٠٪ ی بەرهەمی ناوخۆی یەكێتی سۆڤیەتی پێكدەهێنا , هەروەها سێیەم بەرهەمهێنەری گەورەی خەلۆز بوو ، بەدرێژایی سالانی حەفتاكان بەرهەمهێنەرێكی گەورەی نەوت بوو بەلام لە سالی ١٩٨٣ دا بەرهەمی نەوتی سیبریای كەمی كرد لە سالی ١٩٨٦ دا زۆرتر دابەزی ، سەرباری ئەوەی بڕ و نرخی نەوت لە جیهاندا ڕووی لە كەمی كرد، ئەوە بوو لە سالی ١٩٨٦ دا نرخەكەی بەبڕی ٦٩٪ دابەزی، ئالوگۆڕی بازرگانی نەوتیش لە بازاڕەكاندا زۆرتر بە دۆلار بوو [١٤]. هەروەها جیاواز بوونی باری ئابووری عێراق بەهۆی جەنگی یەكەمی كەنداو كە دۆستی سۆڤیەت بوو [١٥] ،

جگە لە شكستێكی جیهانی نەوت و جگە لە ناوخۆی سۆڤیەت هەمووی پێكەوە كاریگەری لەسەر ڕەوش و بارودۆخی ئابووری سۆڤیەتی تێكدا، لەهەمووی گرنگتر سێیەكی داهاتی ناوخۆی یەكێتی سۆڤیەت لەسەردەمی برژنێفدا لە بواری سەربازیدا خەرج كرا [١٦] , واتە لەسەردەمی برژنێفدا بڕێكی زۆری دەستكەوت و داهات دەولەت بۆ بواری سەربازی و و ململانێ لەگەل بلۆكی سەرمایەداریدا خەرج كرد [١٧], لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ناوچەكانی باكوری ئەفریقادا زیاتر ململانێكانی لە چوارچێوەی بیری یەكێتی عەرەبی و زایۆنیزمدا بەردەوامی وەرگرتبوو بەلام لە سالانی هەشتاكاندا زیاتر مافی زایۆنیزم دەستەبەر بوو كە لەڕووی یاساییەوە دان بە مافی ئیسرائیلدا نرا لەلایەن ئەمریكا و وولاتە سەرمایەدارەكانەوە پشتگیری كرا [١٨] .

بەپێچەوانەشەوە عەرەبەكان لەبیری سۆسیالیزمی یەكێتی سۆڤیەت دووركەوتنەوە وبیری ئیسلامی و ڕەوتە ئیسلامیەكان لەناوچەكەدا پەرەیان سەند [١٩] , لە هەشتاكاندا عێراق مەبەستی بوو سیاسەتی ئەمریكادا شوێنی ئێران بگرێتەوە , هەروەها لە سیاسەتی یەكێتی سۆڤیەتدا بەدرێژایی سالانی حەفتاكان جێی میسری گرتەوە ، تاڕادەیەك سۆڤیەت زۆر لە وولاتە عەرەبیەكان نزیكبۆوە بەتایبەتی لە دۆزی (عەرەب - ئیسرائیل) دا ڕۆلی بەرچاوی هەبوو ، عێراق پەیوەندیەكی بەهێزی ئابووری و سەربازی لەگەل سۆڤیەتدا هەبوو لە سالانی حەفتاكاندا و سەرەتای هەشتاكان

13 37-38 John Swift: Op. Ci,.
14 Ross Gregory: Op. Cit, P. 15- 16
١٥ محەمەد حەسەنەین هەیكەل: جەنگی كەنداو گومانەكانی سەركەوتن، د. عەلی میرزا عارف هەورامی، ب(١، ٢)، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١١٤.
١٦ هاوڕێ یاسین محمد : س .پ , ل ١٨٧ .
17 Ross Gregory: Op. Cit, P. 18
18 MassimilionoTrentin: The Middle East And The Cold War British, 2012, P .VIII- IX
19 MeriHatima: Identity Politics In The Middle East, London, New York, 2007, P. 10

بەڵام بە تێوەگلانی عێراق لە جەنگی ئێرانەوە زیانێكی گەورە بەر ئابووری عێراق و ئێرانیش كەوت .[20] پەیوەندیەكانی عێراق و یەكێتی سۆڤیەت لەماوەی جەنگی عێراق وئێراندا لاوازی تێكەوت ، چونكە یەكێتی سۆڤیەت هەڵوێستی لەسەر سیاسەتی عێراق وەرگرتبوو، بەڵام عێراق وای بە باش دەزانی . كە پەیوەندییەكانی لەگەڵ یەكێتی سۆڤیەتدا تێكنەچێت , سەدام حسین پشتگیری سیاسەتی سۆڤیەتی دەكرد لە ڕۆژهەڵاتدا بە تایبەتی لە مەسەلەكانی دۆزی فەلەستین و پشتگیری سیاسەتی یەكێتی سۆڤیەت لە ئەفغانستان و پشتگیری سیاسەتی ئەنوەر ساداتی دەكرد لە میسر , لەڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی ١٩٨٠/١/٣١ دا سەدام حسێن ڕایگەیاند ((ئێمە وەكو دۆست هەڵسوكەوت لەگەڵ سۆڤیەت دەكەین لە چەند ئامانجێكدا یاخود چەند سوود و قازانجیدا بەیەكدەگەین بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچۆتەوە كە یەكێتی سۆڤیەت دەوڵەتێكی گەورەیە و گرنگترین هەڵەیەك كە سۆڤیەت لە ئەفغانستان كردی ئەوەبوو كە هەڵسوكەوتی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا وەكو دەوڵەتێكی گەورە دەركەوت نەك وەك سەرچاوەیەكی تیشك پژێنی بیرو باوەڕیانە كە خۆیان بە تەنگەوەن كە ڕەفتار و هەڵسوكەوتێك لەگەڵ وولاتانی جیهاندا لەسەر بنەڕەتەكەی بێت و شتێكی وامان نیە كە پەیوەندیەكانمان لەگەڵ یەكێتی سۆڤیەتدا ڕاست بكەینەوەچونكە هەڵسوكەوتمان لەگەڵیاندا وای لێنەكردووین كە بە تەوژمی سۆڤیەتەوە ڕەفتار بكەین......تەنانەت سەدام حسین سەبارەت بە دووركەوتنەوەی میسر لە یەكێتی سۆڤیەتیش دەڵێت ((حاڵەتی سادات حاڵەتی خیانەتە و بەرامبەرەكەشی حاڵەتی دڵسۆزییە))[21]

بەمجۆرە عێراق هەمان هەڵوێستی سۆڤیەتی هەبوو لە كێشەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا , بەڵام سەرباری هەموو ئەمانەش پەیوەندییەكانی عێراق لەگەڵ یەكێتی سۆڤیەتدا لەسەردەمی سەرۆكایەتی ئەحمەد حەسەن بەكردا زۆر بەهێزتر بوو بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی سەرۆكایەتی سەدام حسین، ئەگەر بڕوانینە (وقائیعی عێراقی بەدرێژایی ساڵانی (١٩٨٢- ١٩٨٨) عێراق (٨٦) ڕێككەوتنامەی بەستووە [22], ژمارەیەكی زۆری ئەو ڕێككەوتنامانە لەگەڵ وولاتە عەرەبیەكاندا بووە و نیوەی كەمتری لەگەڵ دەوڵەتانی سەر بەبلۆكی سۆسیالیزم بووە تەنها یەك ڕێككەوتنی بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ لەگەڵا یەكێتی سۆڤیەتدا بەستووە , جەنگی ئێران و عێراق كاریگەریەكی خراپی لەسەر پەیوەندیە دەرەكی و ناوخۆییەكانی عێراق دروستكرد, لەبەرئەوە سۆڤیەت پێی وابوو جەنگ ڕابگیرێت. چونكە سۆڤیەت دەیزانی كە زیانی جەنگەكە تەنها بۆ عێراق نیە بەڵكو بۆ سۆڤیەتیش خراپە [23], عێراق لەڕاگەیاندنەكانیدا ئاماژەی بەوە كرد دژی هەڵایسانی جەنگن ، لە ڕۆژنامەی هاوكاریدا ڕایگەیاند كە عێراق بەڕێگای دیبلۆماسی داوایكردووە كە جەنگ ڕوونەدات ، لەماوەی ساڵانی (١٩٧٩)ەوە تا ئەیلولی ١٩٨٠ عێراق (٢٩٣) یاداشتی بۆ خومەینی ناردووە تا لەڕێگای دیبلۆماسیەوە پەیوەندیەكانیان باش ڕابگرن [24] و پەنا بۆ جەنگ نەبەن [25].

---

٢٠ محەمەد حەسەنەین هەیكەل: جەنگی كەنداو گومانەكانی سەركەوتن، س. پ، ل ١١٤.

٢١ ڕۆژنامەی هاوكاری: ژ. ٥١١، ٢ شەمە ,٤/ شوباتی ١٩٨٠ .

٢٢ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانة الوقائع العراقية (١٩٨٠-١٩٨٨)

٢٣ محەمەد حەسەنەین هەیكەل: س. پ، ل ١١٤

٢٤ بەڵام بە پێی ڕۆژنامەی تایمزی بەریتانی ڕایگەیاند كە ئێران بەرپرسە لە جەنگی عێراق - ئێران (ڕۆژنامەی هاوكاری , ٥ شەمە , ژ. ١٠٣ , ١٩٨٨/١١/٣).

٢٥ ڕۆژنامەی هاوكاری: ژ. ١٠١، ٣٥شەمە ,١٩٨٨/٨/٢٥.

هەروەها سۆڤیەت ڕایگەیاند کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش قبوڵ ناکات واتە سۆڤیەت هەر لەسەرەتاوە دژی ڕوودانی جەنگ بوو لە عێراق و تەنانەت هەڕەشەی لەڕێگاکانیش کرد کەوا خەرجی سوپای زیادکردووە لەدژی سۆڤیەت بەڵام بەم کارە زیان بە جیهان دەگەیەنێت [٢٦] بەپێچەوانەی ئەمریکاوە، یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٧٩ دا گەیشتە ئەفغانستان [٢٧] سەرۆکی دەوڵەتی ئەفغانستان بڵاویکردەوە کە هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە ئەفغانستاندا دەمێننەوە تا ئەو کاتەی بزوتنەوەی چەکداری لە دژی حکومەتەکەی لە ئەفغانستان هەبێت .[٢٨]

بەم هەنگاوەش مەترسی سۆڤیەت لەسەر هەژموونی ئەمریکا و دەوڵەتانی سەرمایەداری زیادیکرد چونکە وەکو هەڕەشەیەك بوو لە بەرژەوەندیەکانیان لە کەنداو و ئۆقیانوسی هیندیدا، لەبەرئەوە ئەمریکا مەبەستی بوو بە هەموو جۆرێك یەکێتی سۆڤیەت و هاوپەیمانەکانی لە جەنگەوە بگلێنێت و لاواز بن [٢٩]. بەڵام لە هەشتاکاندا وورده وورده یەکێتی سۆڤیەت لە عەرەب دوورکەوتەوە بەهۆی ئەو بارە گرژیەی ڕووی لە ناوچەکە کردبوو لەلایەك لە سودان سەرقاڵی جەنگی ناوخۆ , لیبیا بە کێشەی چاد , جەزائیر و مەغریب لە لایەکی دی , سەرباری ئەو جموجوڵەی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و دووچاری یەکێتی سۆڤیەت ببوەوە [٣٠]، لەسەرەتای جەنگی عێراق- ئێراندا لە ساڵی ١٩٨٠ دا سۆڤیەت دژی هێرشی عێراق بوو بۆسەر ئێران و هاوکاری ئێرانی کرد , بەپێچەوانەشەوە پەیوەندیەکانی لەگەڵ عێراق بڕی , لەسەرەتای دەستپێکی جەنگدا کەشتیەکی یەکێتی سۆڤیەت کە ١٤٠ تانکی هەڵگرتبوو بەنیاز بوو بەرەو بەسرە بڕۆن ئیدی سۆڤیەت فەرمانی بەڕاگرتنی ئەو کەشتیە کرد تا شمەکەکان بە عێراق نەگەیەنن و گەڕانانیەوە [٣١]،پاشان عێراقیش وورده وورده پەیوەندیەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا دەست پێکرد سەرچاوەی نوێی بۆ وەرگرتنی چەك و پێویستی جەنگی دەستەبەر کرد لەوانە (فەرەنسا، یوغسلافیا، ڕۆمانیا) [٣٢],

باڵیۆزی سۆڤیەتی لە تاران نامەی وەزیری دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت ئەندریە غرۆمیکۆفی گەیاندە بەرپرسانی ئەو وڵاتە , ئێران جەختی کردەوە لەسەر بەرەو پێشبردنی پەیوەندیەکانی مۆسکۆ و تاران کە هاوکاری سەربازی لەڕووی چەك و تەقەمەنی و پێویستی جەنگیەوە بە ئێران بدات لەبەرامبەردا ئێرانیش هاوکاری ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەفغانستان نەکات ، و هەڵوێستی لەگەڵ زیندانیە کۆمۆنیستەکانی ئێراندا باش بکات هەروەها یەکێتی سۆڤیەت هەوڵیدا لە ئێران نزیك بێتەوە بۆئەوەی ئێران بکاتە بنکەیەکی سەربازی یەکێتی سۆڤیەت ، لەلایەك بۆ هاندانی گەلانی ئاسیای ناوەند و قەوقاز , لەلایەکی دیکەوە , تاکو ببێتە بنکەیەك بۆ ئامێرە ئەلکترۆنیە نوێیەکانی تایبەت بە کاری چاودێری و نیشانە گرتنەوە (رصد) و کاری سیخوڕی و هتد بۆئەوەی بتوانێت بە ئاسانی چاودێری ڕێگای ئاوی و هەوایی و ووشکانیەکانی کەنداوی فارس بکات و ناوچەکە لەبەردەمیدا کراوە بێت و لەکاتی پێویستدا بەکاری بهێنێت،

---

٢٦ ڕۆژنامەی هاوکاری: ژ. ٥١٧، ٥ شەممە، کانونی دووەم/١٩٨١.

٢٧ یەکێتی سۆڤیەت ڕۆژی ٥ شەممە لە ١٩٨٨/١١/٣ دا ڕایگەیاند کە کشانەوەی هێزەکانی لە ئەفغانستان ڕاگرتووە، ناتوانێت لەم کشانەوەیە بەردەوام بێت ئەگەر هەموو خاڵ و بەندەکانی ڕێککەوتنی جنێف ڕێکاری خۆی وەرنەگرێت لەلایەن ئەفغانستانەوە.

ڕۆژنامەی هاوکاری: ژ. ٧٢٢، ٢ شەممە، ١٩٨٨/١١/٧.

٢٨ ڕۆژنامەی هاوکاری: ژ. ٥١٨، ٢ شەممە، ٢٤/ئازار/١٩٨١

٢٩ محەمەد حەسەنەین هەیکەل: س. پ، ل ١١٤.

٣٠ ە.س , ٩١.

٣١ فاضل رسول : العراق –الايران (اسباب وابعاد والنزاع) , مكتبة الاسكندرية ,١٩٩٢ ، ص ٨٠.

٣٢ بشار فتحى جاسم : الموقف الروسى من الظغوط الامريكية على العراق ١٩٩١-٢٠٠٣,مركز الدراسات الاقليمية , جامعة موصل ,العراق, ص ٣٥٥.

یەکێتی سۆڤیەت مەبەستی بوو کە پەیوەندیەکی سروشتی و دیبلۆماسی و ئابووری و بازرگانی و ڕۆشنبیری لەگەڵ ئێراندا هەبێت ئەم پەیوەندیە گرنگی بۆ بلۆکی ڕۆژهەڵاتیش هەبوو [٣٣].

ئێرانیش داوای هاوکاری لە سەربازگەی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و چیکۆسلۆڤاکیا کرد ، هەروەها گۆرباچۆف نامەی بۆ حافیزئەسەد نارد کە هاوکاری ئێران بکات سەدام حسین لەم بارەیەوە دەڵێت ((لەکاتێکدا پەیوەندییەکانی عێراق و ئەمریکا لەبەرەو پێشچووندایە، ئێران هێرشی کردە سەر عێراق بەچەکی سۆڤیەتی[٣٤])) , بەمجۆرە یەکێتی سۆڤیەت لەسەرەتادا گەمارۆی چەکداری خستەسەر عێراق و چەکی پێنەدا و هەموو جۆرە پێویستیەکی چەك و جبەخانەی بۆ عێراق ڕاگرت بەڵام دوای سەرکەوتنەکانی ئێران لەسەرەتای جەنگەدا [٣٥]ئیتر مۆسکۆ هاوکاریەکی زۆری بۆ عێراق نارد ، بەردەوام بوو لە پێدانی هاوکاری بە عێراق تا کۆتایی جەنگ [٣٦], چونکە یەکێتی سۆڤیەت پەیتا پەیتا بۆچوونی گۆڕا و گەیشتە ئەو بڕوایەی کە دۆڕانی عێراق لەو جەنگەدا شتێکی باش نیە[٣٧], هەروەها ئەمریکاش بەپێی دۆکترینی کارتەر کە لە ١٩٨٠/١/٢٣ دا ڕایگەیاند ((هەڵوێستیان دیار و ڕوونە بەتەواوی، ئەگەر هەر هەوڵێك لەلایەن هەر هێزێکی دەرەکیەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی کەنداوی فارس بدرێت ئەوا بە هەڕەشە و پەلاماردانی بەرژەوەندیە زیندووەکانی ئەمریکا ئەژمار دەکرێت ، لەگەڵ هەر هەڕەشەیەکدا لەهەر جێگەیەکەوە بکرێت بۆی ئەگێڕینەوە بەهەر شێوازێك پێویست بکات تەنانەت ئەگەر بەهێزی سەربازیش بێت[٣٨])) .

بەمجۆرە ئەمریکا مەبەستی بوو پاسەوانی و چاودێری بەرهەمە نەوتیەکانی وسەرچاوەکانی ووزە و ئابووری جیهان بکات , کە بۆ دابینکردنی نەوتی پێویست بۆ وولاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا بکات [٣٩], کە لە ئەوروپا و ئاسیا , بەتایبەتی (ڕۆژئاوای ئەوروپا و ژاپۆن)[٤٠] , چونکە نەوت کاریگەریەکی زۆر گەورەی لەسەر ئابووری جیهان هەبوو ، تەنانەت ئەو شۆکانەی کە لە ساڵانی حەفتاکاندا دووچاری نەوت بووەوە ، نرخی نەوتی لە جیهاندا زۆر بەرز کردەوە لە ساڵی حەفتاکاندا نرخی نەوت ٢ دۆلار بۆ یەك بەرمیل لە ساڵی ١٩٨٠ دا بەرز بوەوە بۆ (٤٠) دۆلار بۆ یەك بەرمیل نەوت [٤١], بەڵام ئەمریکا لە سەرەتای دەست بەکاربوونی ڕۆناڵدڕیگانەوە خەرجی سوپای زیاد کردبوو ئیتر لە مانگی شوباتی

---

٣٣ احمد نوری نعیمی: السیاسة الخارجیة (١٩٧٩- ٢٠١١)، دار زهران للنشر والتوزیع، عمان- الاردن، ط١، ٢٠١٠، ص ٥٠٦- ٥٠٩.

٣٤ . م. ن، ص ٥٠٧

٣٥ ئێران هاوکاری شیعەی عێراقی دەکرد , محەمەد باقر سەدر وەکو نوێنەری پارتی دەعوە شیعەکانی عێراقی لە دژی دەوڵەتی عێراقی هاندەدا , ئیتر دەوڵەتی عێراق محەمەد باقر سەدر و بنت هودای لە سێدارە دا . (Christine M. Helms: Iraq Eastern Flank Of Arab World, Brookings Institute, Washington, 1984) .

٣٦ فاضل رسول: م. س، ص ٢٢٤، اللواو الرکن علاءالدین حسین مکی خماس: معارك التحریر الکبری العراقیة ١٩٨٨، قراءة تقریر معهد الدراسات الاستراتیجیة کلیة الحرب الامریکیة، عمان- الاردن، ٢٠١٤، ص ١٥٦

٣٧ فاضل رسول:م . ن ,ص٢٤٤.

٣٨ -حمد بن محمد الرشید :السیاسة الخارجیة السعودیة والامن فی المنطقه الخلیج ,باشراف د.عامر مصباح( کلیة العلوم السیاسة والاعلام ) , قسم العلوم والسیاسة و العلاقات الدولیة , ٢٠١١- ٢٠١٢ ، ص ١٤٤: orrin schawab : the gulf war and the united state , shaping the twenty –first century , London,2009, P. 5.

٣٩ نرخی نەوت تەنانەت کاریگەری گەورەی لەسەر سیاسەتی هەڵبژاردن لە ئەمریکادا دروست کرد بوو، بە ئاشکرا زیاد بوونی ژمارەی لایەنگران پەیوەست بوو بە پرسە ئابووریەکانی دەوڵەتەوە.

Orrin Schawab: Op. Cit, P. 7.

٤٠ حمد محمد الرشید: م. س، ص ١٤٥.

41 Orrin Schawab: Op. Cit, P. 7

١٩٨١ دا یەکێتی سۆڤیەت ڕۆناڵد ڕیگانی ئاگادار کردەوە کە زیادکردنی بودجەی سوپا و بواری سەربازی بۆ دژایەتیکردن و شکستهێنانە بە یەکێتی سۆڤیەت , ئەمە کاریگەری لەسەر جیهان دەبێت ، حکومەتی ئەمریکای ئاگادار کردەوە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەستە وەستان ناوەستێت لە ئاست ئەو لایەنەی کە بەرژەوەندیەکانی جیهان بخاتە مەترسیەوە [٤٢], هەروەها ڕۆناڵد ڕیگانیش لە کانونی دووەمی ١٩٨٢ دا سەبارەت بە یەکێتی سۆڤیەت ووتی کە سەرۆکەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە کۆنگرەکانیاندا جەخت دەکەنەوە لەسەر پێکهێنانی یەك جیهانی سۆسیالستی ، بەڵام ئەمە لەڕاستیەوە دوورە و بەڵکو تاوانیان ئەنجامدا لەپێناوی جێبەجێکردنی ئامانجەکانیاندا [٤٣]، لە ساڵی ١٩٨٣ دا بە ئاشکرا یەکێتی سۆڤیەتی ناونا (ئیمپراتۆریەتی جەنگ) چونکە بووە هۆی زیاد بوونی هێزی دژە ئاشتی [٤٤].

بەڵام ئەمریکا وەکو چاودێری ناوچەی کەنداو هەر لەسەرەتای جەنگی عێراق- ئێرانەوە، هێزی سەربازی لە ئاوەکانی کەنداودا جێگر کرد ، ئەو دڵە ڕاوکێ و شڵەژاویەی دووچاری سیاسیەکان کرد ، هەروەها توانیان کاریگەریان لە ناوچەکەدا هەبێت ئەوەبوو لە پاش (٥) ساڵی جەنگ نرخی نەوت بەتەواوی دا ڕووخا [٤٥]. لەئەنجامدا پەیوەندیەکانی عێراق و ئەمریکا بەرەو باش بوون هەنگاوی نا ، لە شوباتی ساڵی١٩٨٢ دا ئەمریکا ناوی عێراقی لە لیستی وولاتانی تیرۆری نێودەوڵەتی دەرهێنا و بە ملیار دۆلار هاوکاری عێراقی کرد لەکاتی جەنگدا , لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ دا سەدام حسینی سەرۆکی عێراق ڕایگەیاند کە خۆشحاڵە بە پەیوەندییە باشەکانی لەگەڵ ئەمریکادا ، تەنانەت عێراق نوێنەری ناردە ئەمریکا بۆ گفتوگۆکردن لە باشکردنی ژیان و گوزەرانی فەلەستین [٤٦], عێراق هاوشێوەی یەکێتی سۆڤیەت ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە پشتگیری لە دۆزی فەلەستین ، تەنانەت لەسەرەتای ساڵی (١٩٨٠) ەوە لە پەیوەندیەکانیدا لەگەڵ جیهانی ڕۆژئاوادا زۆر بەتوندی پێداگری لە مافی فەلەستین دەکات , یاسر عەرەفات لە ٢/شوباتی/١٩٨٠ دا لە کۆشکی کۆماری عێراقدا چاوی بە سەدام حسین کەوت و عێراق زۆر هەماهەنگ بوو لەگەڵ کێشەکانی عەرەب لە فەلەستیندا , هەروەها سەدام حسین بۆ گۆڤاری (الوطن العربی) دووا و ڕایگەیاند پارچەکردنی خاکی عەرەب و داگیرکردنی لە ئەستۆی ئەوروپادایە[٤٧].

هەروەها یەکێتی سۆڤیەتیش هاوشێوەی عێراق لە پشتگیریکردنی دۆزی فەلەستین بەردەوام بوو , لەنیوەی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٨٠ دا یاسر عەرەفات سەردانی مۆسکۆی کرد بۆ بەدەستهێنانی هاوکاری زیاتر لە گفوگۆ سەبارەت بە کێشە و گرفتەکانیان لە فەلەستیندا، ئەم هەواڵە لە ڕۆژنامەکانی بەیروت و عێراقدا زۆر باسکرا و جێی سەرنجی وولاتە عەرەبیەکان بوو[٤٨]. ئیسرائیلیش هەمیشە دژی عێراق بوو لە ساڵی ١٩٨١ دا بۆردوومانی دەزگای ئەتۆمی عێراقی لە شاری بەغداد کرد [٤٩], لەئاکامدا ئەدۆڵف پاڵمە و فەرەنسا و بەریتانیا و چین و یەکێتی سۆڤیەت و چەندین دەوڵەتی تر هەڵوێستی خیان دەربڕی دژی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر دەزگای ئەتۆمی عێراق ، و تەنانەت

٤٢ ڕۆژنامەی هاوکاری: ژ. ٥٧١، ٢٢/کانونی دووەم/١٩٨١.

43 Geoffrey Roberts: Op.Cit, P. 7..

44 Lane CrathersAndNancy. S. Lind: Presidents FromReagan Through Clinton 1981- 2001, Washington, 2006, P. 17.

٤٥ حمد محمد الرشید: م. س، ص ١٥٣.

٤٦ محمد بن صدام فایق بن طریف : الازمة الدولیة و طرائق ادارتها ,دراسة التحلیلیة لازمة للعلاقات العراقیة –الامریکیة ١٩٩٠-٢٠٠٣ ,بالاشراف استاذ دکتور عبدالقادر محمد فهمی الطائفی ,فی الکلیة الاداب و العلوم ,قسم العلوم والسیاسة فی الجامعة الشرق الاوسط , کانوون الثانی ٢٠١٧ , ص ٤١.

٤٧ ڕۆژنامەی هاوکاری: ژ. ٥١١، ٢ شەممە، ٤/شوباتی/١٩٨٠.

٤٨ ڕۆژنامەی هاوکاری: ژ. ٥٤٧، ٥ شەممە، ٩/تشرینی یەکەم/١٩٨٠.

49 thams.r.mockaitis :the Iraq war enclopedia California, usa , 2013, P. Xx.

ئەدۆلف پالمە ئەو كارەی بە پێشێل كردنی یاسای نێودەوڵەتی ئەژمار كرد [٥٠], بەدرێژایی ساڵانی هەشتاكان ئەمریكا هاوكاری عێراقی كرد ، چونكە لەڕووی ئابووریەوە خاوەنی دووەم گەورەترین یەدەكی نەوتی جیهانە دوای سعودیە [٥١]، جگە لە گرنگی سیاسی بۆ دەوڵەتی ئێران و یەكێتی سۆڤیەت ، عێراق لەبارەی پەیوەندیەكانیەوە لەگەڵ ئەمریكا دا لە كۆنگرەی نۆیەمی ساڵی ١٩٨٢ دا ئاماژەی بەلایەنگری ئەمریكا بۆ عێراق كرد[٥٢] .

لە ساڵی ١٩٨٣ دا پەیمانێكی بازرگانی و سەربازی لەنێوان عێراق و ئەمریكادا بەسترا و پەیوەندی نێوانیان هەنگاوی بەرەو پێشەوەی نا [٥٣]، لە ساڵی (١٩٨٤)ەوە ئەمریكا هاوكاری سەربازی و دارایی لەڕێی (ئوردن و كوەیت و میسر)ەوە بۆ عێراق نارد [٥٤], لە ساڵی (١٩٨٤)ەوە پەیوەندیەكانی ئێران و یەكێتی سۆڤیەت تێكچوو لەپێدانی هاوكاری سەربازی بۆ جەنگ دژی عێراق ، داوایكرد كە چیتر سۆڤیەت چەك بە عێراق نەدات ، ئەگەر ئەو هاوكاریانەی عێراق ڕابگرێت ئەوە پەیوەندیە ئابووریەكانی نێوانیان بەهێزتر دەبێت بەڵام سۆڤیەت ڕەزامەندی دەرنەبڕی [٥٥]، ئیدی ئێران لە ساڵی ١٩٨٤ دا سەرلەنوێ گرنگی بە بواری ناوكی دا بەیارمەتی پرۆفیسۆرە چینی و هیندیەكان[٥٦] ، بە هاوكاری فەرەنسا ناوەندی توێژینەوەی ناوكی لە ئەسفەهان دامەزراند , بەم پێیە ئێران لە ساڵی ١٩٨٥ دا چەكی ناوكی بەتەواوی لەبەردەستدا بوو تاوەكو ڕۆڵێكی گەورەی لەبواری هێزی سەربازیدا هەبێت لەسەر ئاستی هەرێمی بەتایبەتی بەرامبەر (عێراق و توركیا و ئیسرائیل) [٥٧], ئێران لە ساڵی ١٩٨٥ دا چەكی بەهێزی لە لیبیاوە پێگەیشت ئەوەبوو ژمارەیەك موشەكی سكۆدی بە زەمینی پێدرا، بەڵام سۆڤیەت ئەو چەكانەی كە دابووی بە ئێران زۆر سادە بوون لەبەر دوو هۆكار , لەلایەك لەگەڵ ئەوەدا نەبوو كە جەنگ لەنێوان عێراق و ئێراندا زۆر بخایەنێت واتە تەنها چەكی بەرگری پێدا , لەلایەكی دیكەوە لەگەڵ ئەوەدا نەبوو كە جەنگی عێراق و ئێران درێژە بخایەنێت [٥٨].

فاكتەرەكانی تێكچووی پەیوەندیەكانی یەكێتی سۆڤیەت و ئێران بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێتەوە لەوانە ئێران بەنهێنی پەیوەندیی لەگەڵ ئەمریكادا بەستبوو [٥٩] هەروەها ڕۆڵی سۆڤیەت و ئێران لە دۆزی ئەفغانستاندا ، سۆڤیەت لایەنگری كۆمۆنیستەكانی ئێرانی دەكرد ، سەرباری ئەوانەش بەهێز بوونی پەیوەندیەكانی كرملین لە بەغداد سەبارەت بە چەك و پرۆژە پیشەسازیەكان ، ئیدی لە ساڵی ١٩٨٥ دا نزیكەی (١٠٠٠) پسپۆڕی سۆڤیەتی ئێرانیان بەجێهێشت , كە بەرپرس بوون لە پرۆژە ئابووریەكانی ئێران ، بەڵام هاتوچۆی ئاسمانی لەنێوان تاران و مۆسكۆدا هەر مابوو، هەروەها

---

٥٠ ڕۆژنامەی هاوكاری: ژ. ٥٩٢، ٥ شەممە، ١٨/حوزەیران/١٩٨١

٥١ فاضل رسول: كردستان والسیاسة....، م.س، ص ٢٢٤.

52 haim shemesh: soviet –Iraqi relations 1968-1988 in the shadow of Iraq –iran conflict , lynne rienner publishers, London,1992. P. 190..

٥٣ فاضل رسول: كردستان والسیاسة....، م.س، ص ٢٢٤.

٥٤ م. ن، ص ٢٢٤ .

٥٥ علاءالدین حسین مكی خماس: م.س، ص ١٥٦.

٥٦ فاضل رسول: العراق- ایران (اسباب وابعاد النزاع)، مكتبة الاسكندریة، ١٩٩٢، ص ٥٧

٥٧ م. ن، ص ٧٥- ٨٢.

٥٨ علاءالدین حسین مكی خماس: م.س، ص ١٥٧.

٥٩ لیث كاتزمان: الحرس الثوری الإیرانی نشأتة وتكوینة ودوره، مركز الامارات للدرسات والبحوث الاستراتیجیة، ابوظبی، ط٣، ١٩٩٨، ص. ١٩٦.

ســـۆڤیەت ڕەزامەندی دەربڕی تاوەکو ئێران لە دەوری دەریای قەزوین نەوت دەربهێنێت و لەبەرامبەردا ئێرانیش گازی سروشتی بەنرخێکی هەرزان بە یەکێتی سۆڤیەت بفرۆشێت [٦٠].

**باسی دووەم:**

**پێوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت-عێراق لە ماوەی ساڵانی(١٩٨٥-١٩٨٨) دا:**

لەماوەی ســاڵانی (١٩٨٤- ١٩٨٦) ئەمریکا و ئێران گرێبەســتێکی نهێنیان لەنێواندا بوو بەناوی ئێران کۆنترا [٦١], بەهۆی ملیاردێرێکی سعودیەوە بەناوی (عەدنان قاشـقچی) , ئەمریکا نزیکەی (٣٠٠٠) موشـەکی تاوهۆکی دا بە ئێران بەرامبەر بە ئازادکردنی دیلە ئەمریکیەکان[٦٢] , ئێران بووە هاوپەیمانی ئیســـرائیـل چونکە هێڵی بـازرگانی نهێنی بۆ پێـدان و فرۆشـــتنی چەك لە ئیســـرائیلەوە بۆ ئێران دروســـت بوو ، هەروەها پارچەی یەدەکی فرۆکەی جەنگی کە لە ئەمریکا دروســتکرابوو ، لەگەڵ تانك و پێویســتی تری جەنگی دەدا بە ئێران , دەرکەوتن و ئاشـکرابوونی ئەم بابەتە لەپێناوی ئەوەدابوو کە ئێران لە ســـۆڤیەت دووربخەنەوە، بەمەش پەیوەنـدی نێوانیـان تێکبچێت و ســـۆڤیەت لاواز بکەن [٦٣], ڕۆناڵدریگان هەوڵی تەواویدا بۆ دورخستنەوەی عێراقیش لەیەکێتی سۆڤیەت,لەم پێناوەشدا ڕاستەوخۆ هاوکاریەکی زۆری عێراقی کرد [٦٤].

ئامانج و مەبەســتی ئەمریکا زۆر جیاوازتر بوو لە یەکێتی ســـۆڤیەت , ئەمریکا ئامادەی جەنگ زۆرتر بێت هەردوو گەورە دەوڵەتی ســەرکەنداو لەڕووی (ســیاســی و ئابووری) ەوە لاواز دەبن، هەڕەشــە و مەترســی لەســەر کەنداو کەم دەبێتەوە کە یەك لەو دەوڵەتانە هاوپەیمانێتێکی مێژووی سـۆڤیەت و جێبەجێکاری سـیاسـەتی یەکێتی سـۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاســـتـدا فـاکتەری دووەم فرۆشـــتنی ڕێژەیەکی زۆر لە چەك و تەقەمەنی بە ئێران وعێراق لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی قازانجێکی گەورەی ئابووری دەبێت، بە لەبەرچاوگرتنی زیاتر بەهێزبوونی ڕۆڵی ئەمریکا و سعودیە لە دیاریکردنی بڕ و نرخی نەوت لە بەرژەوەندی بازاڕی دەوڵەتە سەرمایەدارەکانی هاوپەیمانی ئەمریکا , ئێران لەڕێی ئیســـرائیلەوە لەماوەی جەنگدا هاوکاری پێگەیشـــت عێراقیش پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەریەکە لە ئەمریکا و یەکێتی ســـۆڤیەتدا لە ســاڵی ١٩٨٦ دا زۆر باش بوو , عێراق لە ســـاڵی (١٩٦٧)وە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمریکادا لاواز ببوو [٦٥]، بەڵام لە ســـاڵانی جەنگدا پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمریکادا باش بوو لە ســـاڵی ١٩٨٦ دا چەندین کۆمپـانیـای ئەمریکی ڕوویـان کردە عێراق , بەڵام عێراق متمـانەی تەواوی بە ئەمریکـا و بەریتـانیـا نەبوو چونکە لەڕێی دەزگای هەواڵگری عێراقیەوە عێراق ئـاگـادار کرابووەوە کە ئەمریکـا و بەریتـانیـا لەڕێی ئۆپۆزســـیۆنی عێراقەوە دەیـانەوێت ڕژێمی بەعس لە عێراقدا بڕوخێنن، هەروەها ووڵاتانی کەنداویش ئاگادار کراونەتەوە کە کێشـەی دارایی بۆ عێراق زیاد بکەن، لەڕێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئەمریکا و بەریتانیاوە جیهان لە پێشـــێل کردنی مافی مرۆڤ و کورد بەتایبەتی ئاگادار دەکرانەوە ,هۆکاری سەرەکی بەرەو پێشچوونی پەیوەندی و ناردنی هاوکاری سەربازی دوو دەوڵەتە لەلایەن لە

---

٦٠ احمد نوری النعیمی: السیاسة الخارجیة الایرانیة (١٩٧٩- ٢٠١١)، دار الزهران التوزیع، عمان- الاردن، ط ١، ٢٠١٠، ص٥٠٥-٥٠٦.

٦١ لیث کاتزمان: م. س، ص. ١٩٦.

٦٢ محمد صدام : م.س، ص ٤٢.

63patrick tyler :a world of trouble (the white house and middle east –from the cold war to the war on terror) ,new York , 2009, , p. 308 – 309.

64 Lawrence F. Kaplan and William Kristol: The War over Iraq Saddam's Tyranny and American's Mission, U.S.A, 2003,p .39

٦٥ علاءالدین حسین مکی خماس: م.س، ص ١٥٧.

ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت بۆ عێراق لە ساڵی ١٩٨٦ بە دواوە لە ئاکامی ترسی ئەو دوو دەوڵەتە بوو لە سەرکەوتنەکانی ئێران بەســەر عێراقدا، چونکە عێراق پەیوەندی لەگەڵ لەو پێنج دەوڵەتە بەردەوامەکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا باش بوو ، لە ئاکامی لەبەرچاوگرتنی پرسی ئابووری بەتایبەتی نەوت و ئاسایشی کەنداو لەگەڵ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی شیعەگەرایی ئێران [٦٦].

پەیوەندیەکانی یەکێتی سـۆڤیەت و ئێران نەپچڕا بوو بەڵام لە ئاسـتی پێدانی هاوکاری سـەربازی و چەکدا نەبوو ، پاش تێپەڕبوونی شــەش ســاڵ بەســەر داگیرکردنی خاکی عێراق لەلایەن ئێرانەوە ، لە ئاکامدا ناچارکرا کە لە عێراق پاشـەکشـە بکات ، بەمە ترسـی هەناردەی شـۆڕشـی ئێرانی کەمبۆوە بیری ئیسـلامیزم و شـیعەگەرایی توانای هاوکاری دەرەکی سنوردار بوو بەڵام ئێران هەوڵیدا کە وولاتانی کەنداویش بێلایەن بن لە هاوکاری عێراق [٦٧]بەڵام بەپێچەوانەوە بەردەوام وولاتانی کەنداو هاوکاری عێراقیان دەکرد [٦٨].لە ساڵی ١٩٨٦ دا سۆڤیەتیش ڕەزامەند دەربڕی لەسەر پاراستنی لولە نەوت کێشەکانی کوێت [٦٩].

هەروەها عێراق فشــاری ئابووری لە ڕێگای نەوتەوە لەســەر ئێران دروســت کرد بەتایبەتی لە مانگەکانی کۆتایی جەنگدا، ئەمەش بە دابەزانـدنی نرخی نەوت لەڕێگـای زیـادکردنی بڕی نەوتی بەرهەمهێنـدراو دابەزانـدنی نرخەکەی نەوت لە (٢٨) دۆلارەوە بۆ یەك بەرمیل بۆ (١٠) دۆلار بەمەبەســتی زیان گەیاندن بە ئێران [٧٠]. عێراقی نەوت بە هەرزان دەفرۆشـــت [٧١]و ئەمریکـا دوو ملیۆن بەرمیـل نەوتی لە عێراق و ســعودیە وە دەگواســتەوە [٧٢]، چونکە ئەمریکـا پێویستیەکی زۆری بە هاوردەکردنی نەوت هەبوو، هاوکاریەکانی ئەمریکا بۆ عێراق لە دژی ئێران و یەکێتی سـۆڤیەت لەپێناوی لاوازکردنی شــیعە بەمەبەســتی لاوازکردنی ئێران [٧٣]تا عێراق بکاتە هێڵی بەرگری بۆ ڕێگرە گرتن لە فراوان بوونی بیری شـیعەگەرایی و هەژموونی ئێران [٧٤]لەلایەکی دی بۆ سـنوردار کردنی و دژایەتیکردنییەکێتی سـۆڤیەت و بیری سـیۆسـیالیزم [٧٥], ئەمریکا لە دەریای عەرەبی و ئۆقیانووســی هیندیدا لە ڕێگای جێگیرکردنی چەندین کەشـتی سـەربازیەوە چاودێری جموجۆڵ و پەرەسـەندنی هەژمموونی سۆڤیەتی دەکرد [٧٦].ئەمریکا هەردوو دەسـەڵات لێکدایەوە ئێران و یەکێتی ســۆڤیەتی بە خاڵی مەترســی لەســەر ئاســایشــی کەنداو و هاوردەی نەوتی کەنداو لێکدەدایەوە لەبەرئەوە لە ڕیگای هاوکاریکردنی ڕاستەوخۆی عێراق هەردوو دەسەڵاتی لاواز کرد [٧٧].

لەمـاوەی جەنـگدا ئێران بە چەنـدین شــێواز دژایەتی عێراقی دەکرد لەوانە لێـدان و گەمـارۆدانی بەنـدەرەکـانی بارکردنی لولە نەوتەکان بەهۆی باڵادەسـتی ئێران لە یەکخسـتنی هۆکانی گواسـتنەوە و گەیاندنی نەوتی عێراق. لەم

٦٦ رغيد صلح: م.س، ص ٣١٥- ٣٢٠.

٦٧ م.ن , ص ٢٦١-٢٦٢ .

68 Genin Melina, SineoniMorie: Op. Cit, P. 2

٦٩ علاءالدين حسين مكي خماس: م.س، ص ١٥٨. Francis Fukuyama: Op. Cit, P. 50- 51.

٧٠ رغيد صلح: م.س، ص ٣١٠- ٣١٤.

71 Larry Everest: Oil, Power And Empire: Iraq and The U.S Global Agenda, 2004, P. 34
72 William R. Palk: The Arab World Today, London, Harvard University Press, 1991, P. 104.
73 Larry Everest: Op. Cit, P. 34
74 Bilip Hiro: Iran under the Ayatollahs, London, 1985, P. 39.
75 Larry Everest: Op. Cit, P. 34.
76 HaimShemesh: Op. Cit, P. 287
77 Larry Everest: Op. Cit, P. 7,33 .

کارەدا سووریا پشتگیری ئێرانی کرد[٧٨] ، و لە ساڵی ١٩٨٢ دا سووریا هێڵی بۆری نەوتی عێراقی بۆ بەندەری (بانیاس) لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست داخست [٧٩] , ئێران توانی گەمارۆ بخاتە سەر نەوتی عێراق لەئەنجامدا عێراق بە فڕۆکەی جۆری (سیخۆ/ ٢٧)ی سۆڤیەتی و مووشەکی دوور مەودا و تیژڕەوی (ئەکزۆسێت)ی فەرەنسی وەڵامی دانەوە و ئەم موشەکانە بەئاراستەی بەندەرەکانی خوارووی تەنگەی هورمز هەڵدران , هەروەها بە جۆرێکی تر ئێران هەوڵی لاوازکردنی نەخشەی ناردنی نەوتی عێراقی دا کە بە جەنگی نەوت کێشەکانی ناسراوە، کە بە فشار دروستکردن لەسەر نەوت کێشەکانی کوێت ، لە (١٦٠) نەوت کێش کە (٤٨) ی موڵکی کوێت بوو ئێرانیش ڕێگری لە هاتوچۆیان گرت ، ئیتر کوێت داوای لە ئەمریکا کرد کە با نەوت کێشەکانیان ئاڵای ئەمریکا لەسەر کەشتیە نەوتیەکانیان هەڵبکەن، یان کەشتیەکانیان بە کرێ بدەن بە کوێت , بەڵام ئەمریکا هیچ گرنگیەکانی بە داواکاریەکەی کوێت نەدا خاتوو (کاسرین کوچی) لێپرسراو کاروباری کوێت لە ٩/نیسانی/١٩٨٧ دا وەزیری دەرەوەی کوێتی بینی و پێی ڕاگەیاند کە ئەمریکا ناتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێت هەر کەشتیەکی نەوت لە کوێتەوە دەربچێت گرووپێکی ئەمریکی لەگەڵدا بێت [٨٠].

پاشان ڕاستەوخۆ کوێت شاندێکی ناردە مۆسکۆ و زنجیرە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ لێپرسراوانی وەزارەتی دەریاوانی سۆڤیەتی کرد لە ئاکامدا گەیشتنە ئەو ڕایەی کە کوێت سێ نەوت کێشی ئاڵاهەڵگری سۆڤیەتی بەکرێ بگرێت کە ناوی سۆڤیەتیشیان لەسەر بێت بۆ گواستنەوەی نەوت بۆ دەرەوە , بەڵام ئەمریکا ڕازی نەبوو لەبەرئەوە لە ٧/نیسانی/١٩٨٧ دا وتەبێژێکی ڕەسمی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند کە حکومەت ڕازی نیە سەربازی سۆڤیەتی لە ناوچەکە زیاتر بێت [٨١], ئەمریکا بڕیاریدا پارێزگاریکردنی نەوت گوێزەرەوەکان لە ئەستۆی ئەمریکادایە لە بواری دەریاییەوە، چاودێریکردن و پاسەوانیکردنی لە بەرژەوەندیەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پارێزگاریکردنە لە سەربەخۆیی و گەیشتن گواستنەوەی نەوت لە ناوچەکەدا [٨٢]. هەروەها ڕایگەیاند کە هەموو جۆرە هاوکاریەکی کوێت دەکات، ڕێککەوتنی یەکێتی سۆڤیەت و کوێت زیاتر بە مەبەستی ڕێکخستنی کاروباری کەنداو بوو ، شێخ سەباح لە لەندەن ڕایگەیاند کە ووڵاتەکەیان ڕێگە بە دامەزراندنی هیچ بنکەیەکی زەمینی لە خاکەکەیدا نادات ڕێکەوتنەکە زیاتر بۆ پاراستنی ڕێڕەوی دەریایی نێودەوڵەتی بوو بەتایبەتی بۆ گواستنەوەی نەوت.

سۆڤیەتیش مەبەستی بوو کە جێ پێی لە کەنداودا هەبێت , بەڵام ئەمریکا ڕێگای ئەوەی پێنەدا ,

لە ٢٩/مایسی/١٩٨٧ دا ڕۆناڵد ڕیگان پابەندبوونی ووڵاتەکەی بە پارێزگاری کردنی هەموو نەوت گوێزەرەوەکانی کەنداوی لەبەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیدا لە کۆشکی سپی دووپاتکردەوە، بەڵام کوێتیش هەڵکردنی یانزە ئاڵای ئەمریکای بەسەر کەشتیە نەوت گوێزەرەوەکانی دا ڕاگەیاند کوێت مەبەستی بوو ڕەزامەندی و پارێزگاریکردن جگە لە ئەمریکا بۆ کەشتیە نەوت گوێزەرەوەکانی دەوڵەتانی تر دەستەبەر بکات، تا ڕۆڵی ئەمریکا لە ناوچکە کەم بکاتەوە بەتەواوی ئەمریکا تاك لایەنە قۆرغی نەوت گوێزەرەوەکانی نەکات بەڵام کوێت سەرکەوتوو نەبوو، بۆ نموونە لەم پێناوەدا داوای لە چین کرد و ڕەزامەندی دەرنەبڕی , پێشتر بە هەڵە لە ١٨/مایسی/١٩٨٧ دا چەند موشەکێکی (ئەکزۆسێت)یان گرتە کەشتی جەنگی ئەمریکا و ٢٨ ئەفسەر و سەربازیان بە هەڵە کوشت و زیانێکی گەورە بە

٧٨ محەمەد حەسەنەین هەیکەل: س. پ، ل ٨٦.

79 HaimShemesh: Op. Cit, P. 186

٨٠ محەمەد حەسەنەین هەیکەل: س. پ، ل ٨٧- ٨٨.

٨١ ه. س ، ل ٨٧.

٨٢ قاسی فوزیة : الاستراتیجیة الامریکیة لمکافحة الارهاب, باشراف نصرالدین,رسالة ماجستیر فی قسم العلوم و السیاسة, ٢٠١٢-٢٠١٣, ص٩١.

کەشتیەکەی گەیشت ، عێراق پۆزشی هێنایەوە بۆ ئەمریکا و ڕایگەیاند بۆ قەرەبوو کردنەوەی هەر خێزانێکی قوربانیان (٨٠٠) هەزار دۆلار دەبەخشێت [٨٣]، ئەمریکا لەلایەك داوای جەنگ ڕاگرتنی لە ئێران کرد و لەلایەکی دی وەڵامی هێرشەکەی ئێرانی بۆ سەکۆی نەوتی دایەوە ، ئەمریکا لێدوانێکی سەبارەت بە هێرشی هێزە دەرياييەکەی ئێران بۆ ئەنجومەنی ئاسایش داو ڕوونکردنەوەیەکی دا کە وا هێرشکردنە کەی ئێران بۆ سەر سەکۆی نەوتیەکانی کەنداو کارێکی هەڵەیە و ، فۆنەر دواتزی نوێنەری ئەمریکا لە ئەنجومەنی ئاسایش نامەیەکی بۆ سەرۆکی ئەنجومەن نارد و ڕایگەیاند وولاتەکەی مافی بەرگریکردنی بەپێی یاسای دەوڵەتان هەیە [٨٤]، ئیدی هێلیکۆپتەرەکانی ئەمریکا لە ٨/تشرینی یەکەمی/١٩٨٧ دا سێ بەلەمی ئێرانیان بۆردومان کرد [٨٥].

لەدژی ئەو هێرشەی ئێران کردبویە سەر ئەو کەشتیە بازرگانیانەی کە ئاڵای ئەمریکای لەسەر هەڵکرابوو، کوێتیش پشتگیری کرد و سەربازیەکی ئەمریکای بۆسەر ئێران کرد [٨٦]، پاشان لە ٢٠/تەموزی/١٩٨٧ دا ئەمریکا فشاری لەسەر ئێران دروست کرد تاوەکو بڕیاری وەستاندنی جەنگ بدات [٨٧]. ئیسرائیلیش تا مانگی ١٩٨٧/١١ بەردەوام بوو لە چەك پێدانی ئێران [٨٨]، هەروەها سوپای عێراقیش بەهۆی هاوکاریەکانی ئەمریکاوە [٨٩] ، سەرکەوتنی لە نیمچە دورگەی فاو دەستەبەرکرد، لە ئاکامی سەرکەوتنی عێراق و فشاری نێودەوڵەتی ئێران ڕەزامەندی لەسەر شەڕ ڕاگرتن داو لە ٨/ئابی/١٩٨٨ دا [٩٠]، خومەینی ووتی ڕاگرتنی جەنگ وەکو ژەهر خواردن وایە ، لە کۆتایی جەنگدا عێراق موشەکی (sagger)ی سۆڤیەتی لەدژی ئێران بەکارهێنا , هەروەها سۆڤیەتیش موشەکی سکۆدی دا بە سوریا و لیبیا تا بیدەن بە ئێران [٩١]،

پەیوەندیەکانی یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ هەریەکە لە عێراق و ئێران لەماوەی ساڵانی (١٩٨٧- ١٩٨٨) جیاواز بوو [٩٢]، هەروەها بارودۆخی یەکێتی سۆڤیەت لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا زۆر گۆڕایەوە [٩٣]، یەکێتی سۆڤیەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە هەمان ئاراستەی ئەمریکا کاری دەکرد , ئەمەش وایکرد کە لەنیوەی هەشتاکان بەدواوە ململانێی نێوانیان کەم ببێتەوە و کۆنگرەی نێودەوڵەتیان پێکەوە بەست بۆ بڕیاردان سەبارەت بە مەسەلە سیاسیەکان، لە مانگی کانوونی یەکەمی١٩٨٧دادوو کۆبونەوە لەنێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتدا کرا سەبارەت بە کەمکردنەوەی چەکی ئەتۆم وە موشەکی کورت مەودا ، ڕۆناڵد ڕیگان بە ڕۆژنامەی ئەزڤیستای سۆڤیەتی ڕاگەیاند کە یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا پێکەوە لە پەیمانێکی هاوبەشدا بڕیاری هەوڵی کەمکردنەوەی چەکی ئەتۆمیانداوە بەڕێژەی ٥٠٪ هەروەها

---

٨٣ محەمەد حەسەنەین هەیکەل: س. پ، ل ٨٧- ٨٨.

٨٤ ڕۆژنامەی هاوکاری: ٥ شەمە، ١٩٨٧/١٠/٢٢.

٨٥ ڕۆژنامەی هاوکاری: ژ. ٩١٣، ٢ شەمە،١٩٨٧/١٠/١٢ .

٨٦ ڕۆژنامەی هاوکاری: ٥ شەمە،١٩٨٧/١٠/٢٢.

٨٧ احمد نوری نعیمی: م. س، ص ٥٠٧.

٨٨ ڕۆژنامەی هاوکاری: ژ . ٩٢١، ٩/١١/١٩٨٧.

89 Larry Everest: Op. Cit, P. 34

٩٠ محمد صدام: م. س، ص ٤٢.

٩١ احمد نوری نعیمی: م. س، ص ٥٠٧.

٩٢ محەمەد حەسەنەین هەیکەل: س. پ، ل ١٠٥- ١٠٦.

٩٣ ڕۆژنامەی هاوکاری: ژ. ٩٢٩، ٢ شەمە،١٩٨٧/١٢/٧.

هەوڵی كەمكردنەوەی موشـــەكی كورت مەودا و مام ناوەند، جگە لەوەی پێكەوە بڕیاریاندا كە ڕێگایەكی ڕاســـت و دروست بۆ بەرقەرار كردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بگرنە بەر [٩٤]، بەپێی ئەم پەیمانە دەبووایە (٢٨٠٠) موشەكی كورت مەودا و ناوەندی سۆڤیەتی كە لە ئاسیا و ئەوروپا هەبوو لەناو ببرێن، موشەكە مەودا كورتەكان دەبوو لەماوەی یەك ساڵا و نیودا لەناو ببرێن موشەكە مەودا مام ناوەند لەماوەی سێ ساڵدا لەناو ببرێن، هەروەها ئەمریكا و یەكێتی سۆڤیەت دەبێت خاوەنی تەنها (١٢) موشەك بن , ئەمەش بۆ نیشاندان لە مۆزەخانەكاندا [٩٥].

هەروەها ســـەبارەت بە پەیوەندیەكانی ئێران و یەكێتی ســـۆڤیەت لەدوای ســـاڵی (١٩٨٧)ەوە بەرەوبە بەهێزی و پتەوبوون هەنگاوی نا [٩٦]، لە ساڵی (١٩٨٧)دا ڕێككەوتنامەیەكی ئابووری لەنێوان یەكێتی سۆڤیەت وئێراندا بەسترا و بڕیاردرا كە هێڵكی ئاســـنی شـــەمەندەفەر و بۆری گاز لەنێوانیاندا ڕابكێشـــرێت، ئەوە گرنگیەكی گەورەی بۆ ئێران و یەكێتی سۆڤیەت دەبێت پەیوەندیە ئابووری و سەربازیەكانیان زیاتر پەرەی سەند [٩٧]. بەڵام پەیوەندیەكانی یەكێتی سۆڤیەت وعێراق تەنانەت وولاتانی دیكەی عەرەبی پاشەكشەی كرد چونكە سۆڤیەت لەبواری ئابووری و سەربازیدا بارودۆخی خراپ بوو , بەڵام یەكێتی ســـۆڤیەت هاوشـــێوەی عێراق لەگەڵ وەســـتانی جەنگدا بوو , لە كاتێكدا عێراق لەلایەن زۆرینەی وولاتانی جیهانەوە لەژێر چاودێریدا بوو ســـۆڤیەتیش مەترســـیەكانی توانای ســـەربازی عێراقی دەخستەڕوو , جیهانی لە توانای عێراق بۆ دروستكردنی كێشە و هەڕەشەی سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاگادار كردەوە , ئاژانیســـی ووزەی ئەتۆمی نێودەوڵەتی ســـەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان لە ڤیەننا لە ســـاڵی (١٩٨٨)دا دڵنیایی تەواویدا كە پرۆژەی ئەتۆمی عێراق بە مەبەســـتی بەكارهێنانی ســـەربازیەوە دوورە ,بەڵام یەكێتی ســـۆڤیەت بەو شێوەیە نەبوو لە كۆنگرەی ئاشتی ڤیەننادا لە ساڵی (١٩٨٩)دا وەزیری دەرەوەی یەكێتی سۆڤیەت (ئێدوارد شیفر نادزە) ســـەبارەت بە عێراق ووتی ((ئاورێك لەو عەمبارە جەنگیە ئامادە كراوانە بدرێتەوە كە لكاون بە كەنارەكانی ئەوروپاوە بریتین لە (٢٥) هەزار تانك و ٤٥٠٠ چوار هەزار پێنج ســـەد فڕۆكە و عەمبارێكی گەورەی چەكی كیمیایی و ئەتۆمی و موشەكی دوور مەودا كە هەزار وپێنج سەد كیلۆمەترە مەودایەكی هەر ساتێك بێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووچاری كارەساتی وێرانكەر دەكات)) [٩٨].

هەرچەندە عێراق خرابووە ژێر چاودێریەوە وەك لە مەڵبەندی توێژینەوەی ســـتراتیژی ســـەر بە دەســـتەی ئەركانی ئەمریكا لە ڕاپۆرتێكیدا لەســـەر هێزەكانی عێراق بڵاویكردەوە.((هێزی ســـەربازی عێراق پێكهاتووە لە (٩٩٥) تانك و (١٠٠٠) زرێپۆشـــی جەنگی و (٧١٠٠) زرێپۆشـــی نەفەر هەڵگر و (٣٠٠٠) دەزگای تۆپی قورس و (٥٠٠) دەزگایان خۆبزوێنن و (٢٠٠) سەكۆی موشك هاوێژ)) [٩٩]. یەكێتی سۆڤیەت پشتگیری لە عێراق نەدەكرد سەبارەت بە سیاسەتی خۆ پڕ چەك كردنەكەی لە ناوچەكەدا , سۆڤیەت تەنانەت هەڵوێستی و لایەنگری لە دۆزی فەلەستینیش گۆڕا بوو، عێراق سەرباری ئەو بارودۆخەی تێیدا بوو هاوكاری فەلەستینی دەكرد , لە كاتێكدا لەگەڵ خەڵكی ناوچە سنوریەكانی بەتایبەتی لەگەڵ كورد زۆر خراپ مامەڵەی دەكرد ڕەگەزنامەی بە دانیشتوانی نەدا و ڕایگواستن و لە هەموو مافێك بێبەشی كردن و بە

٩٤ ڕۆژنامەی هاوكاری: ژ. ٩٩٩، ٢ شەمە،١٩٨٧/١٢/٧.

٩٥ ڕۆژنامەی هاوكاری: ژ. ٩٣٠، ٥ شەمە،١٩٨٧/١٢/١٠.

٩٦ ڕۆژنامەی هاوكاری: ژ. ١٠٩٨، ٥شەمە،١٩٨٧/٧/٦.

٩٧ علاء الدين حسين مكي حفاس: م.س، ص ١٥٨- ١٦٢.

٩٨ محەمەد حەسەنەین هەیكەل: س. پ، ل ١٠٥- ١٠٦.

٩٩ ە. س، ل ١٠٥.

چاوی گومانەوە لێی دەڕوانێت [١٠٠], عێراق ســاڵانە چل ملیۆن دۆلاری لەڕێگای ڕێكخراوی ڕزگاریخوازی فەلەســتینەوە دەدا بە فەلەستینیەكان [١٠١]، لەڕاستیدا عێراق لەدوای ئەوەی ئەنوەر سادات دەسەڵاتی میسری گرتە دەست ئیدی عێراق بووە , پێشەنگ بۆ وولاتانی عەرەبی تا ڕوودانی جەنگی عێراق- ئێران ڕۆڵێكی زۆر گەورەی بینی لە دۆزی فەلەستیندا، بەڵام سۆڤیەت كە پێشتر لایەنگری تەواوی فەلەستین و عەرەب بوو [١٠٢]. لەدوای پەیمانی كامپ دەیڤدەوە پاشەكشەی كرد و چونكە لە زیاتر كێشــە ناوخۆییەكانی دەوڵەتی لامەبەســت بوو، ســیاســەتی دەرەكیشــدا دووركەوتبۆوە لە كێشــەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت [١٠٣]. هەروەها ســۆڤیەت توانای تەنگ پێهەڵچنینی ئابووری و ســیاســی ئەمریكای نەمابوو لەبەرئەوە دەزگای بۆ كۆچكردنی جولەكە بۆ ئیسرائیل كردەوە واڵا كرد [١٠٤].

یاسر عەرەفات لە هەڵوێستی یەكێتی سۆڤیەت و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا گەیشت لەبەرئەوە ڕەزامەندی لەسەر بڕیاری (٢٤٢) دەربڕی و بەفەرمی دانی بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا نا , بارودۆخی ئابووری و سیاسی یەكێتی سۆڤیەت زۆر خراپ بوو جولەكەكانی سۆڤیەت و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بەرەو ئەمریكا و ئیسرائیل و ئوردن كۆچیان كرد , لە ساڵی (١٩٨٨)دا بە لێشــاو جولەكە لە ســۆڤیەتەوە بەرەو وولاتە عەرەبییەكان و ئوردن كۆچیان كرد، تەنانەت ڕێژەكەی بەرەو ئوردن ئەوەندە زۆر بوو ترسی ئەوەیان هەبوو كە وەكو غەززەیان لێبێت.

ژمارەیەكی زۆر لە جولەكەی سۆڤیەتی و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بەرەو ئەمریكا كۆچیان كرد چونكە وەكو بەهەشتێك لە ئەمریكایان دەڕوانی ئیدی كۆنگرێســی ئەمریكا بڕیاریدا دەرگایان بەســەردا دابخات و بەرەو فەلەســتین بیاننێرێت. چونكە بە لێشــاو بەرەو ناوچەكە هاتبوون، ئەمەش زیاتر ئامانجەكانی ئیســرائیل دەپێكێت لە ناوچەكەدا [١٠٥], بەم شێوەیە لاوازی هەڵوێستی سیاسەتی سۆڤیەت لە ئاست عێراق و كێشەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر بە زەقی ڕەنگی دابووەوە، عێراقیش لە دوای جەنگی هەشت ساڵە لە سەرجەم بوارەكاندا بێجگە لە بواری سەربازی بە هەمان شــێوازی یەكێتی ســۆڤیەت پاشــەكشــەی بەخۆوە بینی بوو ، بەڵام وەك ئاشــكرایە ســۆڤیەت لەڕووی مەســەلەی خۆپڕككردنەوە بڕیاری كەمكردنەوەی ناوچەكانیدا , دەوڵەتی عێراق بەر لە دەســتپێكردنی جەنگ بڕی (٣٥) بلیۆن دۆلاری پاشەكەوت كراوی هەبوو , بەڵام كە جەنگ تەواو بوو (٧٠) بلیۆن قەرزار بووە، ساڵانەش دەبوو (٣) بلیۆن دۆلار ســوود بدات و بەبڕی (٢,٥) بلیۆندۆلار خواردن هاوردە بكات، دەوڵەتی عێراق بە ڕێژەی ٩٣٪ی داهاتی لە نەوت دابین دەكرد [١٠٦], عێراق زۆر گرنگی بە بواری هێزی سەربازی دابوو قەبارەی ئەم هێزەی یەك ملیۆن سەرباز بوو هەروەها ٨٥٠

---

١٠٠ د. فاروق عثمان اباظه: بريطانيا والحركة الوطنية فى الشطر الجنوبى من اليمن ١٩٣٩- ١٩٦٧، مكتبة التاريخية اليمنية، فلسطين، ١٩٨٨، ص ١٤٣- ١٤٥.

١٠١ محەمەد حەسەنەین هەیكەل: س. پ، ل ١٠١.

١٠٢ رغيد صلح: م. س، ص ٢٦٩- ٢٧١.

١٠٣ محەمەد حەسەنەین هەیكەل: س. پ، ل ١٠٢.

١٠٤ رغيد صلح: م. س، ص ٢٢٣- ٢٢٤.

١٠٥ محەمەد حەسەنەین هەیكەل: س. پ، ل ١٠١- ١٠٣.

١٠٦ رغيد صلح: م. س، ص ٢٧٣ .



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هەزار کەســی لە هێزی یەدەك بوو واتە عێراق لەڕووی ســەربازیەوە جێی مەترســی بوو [١٠٧]، جگە لەو هەموو جۆرە چەکەی یەکێتی سۆڤیەت ئاماژەی بۆ کرد لە کۆنگرەی ڤیەننادا [١٠٨],

ژمارەی هێزی سـەربازی لە ژمارەی هێزیسـەربازی تورکیا و میسـر و ئیسـرائیلیش زیاتر بوو هەروەها لەڕووی هێزی ئاسـمانیشـەوە بوو بە سـێیەمین هێزی دوای ئیسـرائیل و میسـر , تەنانەت لەڕووی هێزی دەریایشـەوە بەهێز بوو لە ئاکامدا ئیسرائیل هەوڵیدا هاوکاری سـەربازی لەگەڵ دراوسـێکانی عێراقدا هەبێت بەتایبەت لەگەڵ ئێران و تورکیا دژی عێراق [١٠٩], پەیوەنـدی عێراق و ئەمریکـا لەڕووی ئـاڵوگۆڕی شـــمەکەوە بەردەوام بووە لە ســـاڵی ١٩٨٨ دا هەنـاردەی کشتوکاڵی بۆ عێراق نارد و لە بەرامبەردا عێراقیش شمەك لە ئەمریکا بکڕێت [١١٠], هەروەها عێراق لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگ سـیاسـەتی نەوتی گۆڕی و هەوڵی زیادکردنی داهاتی نەوتیدا عێراق دوو ڕێککەوتن لەگەڵ سـعودیەدا واژۆ کرد یەکەمیان بڕیاریاندا کە هێز بەرامبەر یەکتری بەکارنەهێنن، و دەسـت لە کاروباری ناوخۆی یەکتر وەرنەدەن، ڕێکەوتنی دووەم بۆ ڕێکخستنی ئاسایش بوو لەنێوان هەردوو دەوڵەتەدا [١١١].

---

١٠٧ م. ن، ص ٢٧٥- ٢٧٦ .

١٠٨ محەمەد حەسەنەین هەیکەل: س. پ، ل ١٠٥.

١٠٩ رغيد صلح: م. س، ص ٢٧٥ .

110 James Ridge Way: The March to War (New York), Thunder's Mouthpr, 1991, P. 1

١١١ رغيد صلح: م. س، ص ٣١٠- ٣١٤.

**ئەنجام**

سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر بە عێراق لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨) زۆر دیار بوو , یەکێتی سۆڤیەت لە ئاکامی ئەوەی پەیوەندیەکی گەورەی ئاڵوگۆڕی سەربازی و ئابووری لەگەڵ عێراقدا هەبوو , لەبەر ئەوە بە هەموو جۆرێك دژی ڕوودانی جەنگ بوو لە عێراقدا , تا پرۆسە ئاڵوگۆڕی نێوانیان بەردەوام بێت سەرباری ئەوەی پەیوەندیەکی بەهێزی سیاسیشیان هەبوو , هەر لەبەر ئەوەی ئاشتی لە خزمەتی پرۆسەکەدایە لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٢ هیچ پشتگیریەکی عێراقی نەکرد دژی ئێران , بەڵام پاشان کە زانی جەنگ بەردەوای وەرگرتووە لەبەرئەوەی کە عێراق شکست نەهێنێت لەلایەکی ترەوە تاوەکو عێراق لە ئەمریکا نزیکتر نەبێتەوە لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٨ هەموو جۆرە یارمەتیەکی پێشکەشی عێراق کرد تا سەرکەوتوو بێت لە جەنگەکەدا , بە پێچەوانەشەوە ئەمریکا یارمەتی هەردوو دەوڵەتی شەڕکەری عێراق و ئێرانی دا پێکەوە تا درێژە بە جەنگ بدەن ئەمەش لەبەر ئەوەی عێراق و ئێران دوو دەوڵەتی گەورەی سەر کەنداون تاوەکو تواناکانیان لاواز بکات و مەترسی لەسەر بەرژەوەندیە نەوتیەکانی کەمبکاتەوە لەلایەکی دی بۆ ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی ئێرانی هاوسێی یەکێتی سۆڤیەت و عێراقی هاوپەیمان و دۆستی دێرینی یەکێتی سۆڤیەت لاواز بکات , ئەمریکا لەم پرۆسەیەیدا سەرکەوتوو بوو.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

### سەرچاوە

**یەكەم :نامەكان**

**نامەی دكتۆرا**

١-حمد بن محمد الرشيد :السياسة الخارجية السعودية والامن فى المنطقة الخليج ,باشراف د.عامر مصباح ( كلية العلوم السياسة والاعلام ) , قسم العلوم والسياسةو العلاقات الدولية , ٢٠١١- ٢٠١٢ .

**نامەی ماستەر:**

١-قاسى فوزية : الاستراتيجية الامريكية لمكافحة الارهاب , باشراف نصرالدين ,رسالة ماجستير فى قسم العلوم و السياسة , ٢٠١٢-٢٠١٣.

٢- محمد بن صـــدام فايق بن طريف : الازمة الدولية و طرائق ادارتها ,دراســـة التحليلية لازمة للعلاقات العراقية – الامريكية ١٩٩٠-٢٠٠٣ ,بالاشـراف اسـتاذ دكتور عبدالقادر محمد فهمى الطائفى ,فى الكلية الاداب و العلوم ,قسـم العلوم والسياسة فى الجامعة الشرق الاوسط , كانوون الثانى ٢٠١٧ .

**دووەم :كتێب**

**كوردی :**

١- محەممەد حەسـەنەين هەيكەل : جەنگی كەنداو و گومانەكانی سـەركەوتن , و: عەلی ميرزا عارف هەورامی , ب (١،٢) , چاپخانەی چوار چرا , سلێمانی , ٢٠١٠ .

**عەرەبی:**

١-ف.ف. بيتروسينكو :البيت الابيظ و اسرار المخابرات الامريكية ,تر : ماجد علاءدين ,دار الادهم , ط ١ ,١٩٨٦ .

٢-بشـار فتحى جاسـم : الموقف الروسـى من الظغوط الامريكية على العراق ١٩٩١-٢٠٠٣,مركز الدراسـات الاقليمية , جامعة موصل ,العراق .

٣-اللواو الركن علاءدين حســين مكى خماس : معارك التحرير الكبرى العراقية ١٩٨٨ ,قراءة تقرير معهد الدراســات الاستراتيجية لكلية الحرب الامريكية , عمان - الاردن , ٢٠١٤ .

٤- فاروق عثمان اباظه :بريطانيا و الحركة الوطنية فى الشـــطر الجنوبى من اليمن ١٩٣٩-١٩٧٦, مكتبة التاريخية اليمنية , فلسطين , ١٩٨٨ .

٥-رغيد صلح : حربا بريطانيا و العراق (١٩٤١-١٩٩١) ,شركه المطبوعات للتوزيع و النشر , ط٢ , بيروت , لبنان , ١٩٩٧ .

٦- احمد نورى النعيمى : السياسة الخارجية الايرانية ١٩٧٩-٢٠١١ , دار زهران للنشر و التوزيع , عمان الاردن, ٢٠١٠ .

٧- كينث كاتزمان : الحرس الثورى الايرانى نشاته و تكوينه و دوره , مركز الامارات للدراسات و بحوث الستراتيجية , ابو ظبى ,ط٣ , ١٩٩٨ .

٨-فاضل رسول : العراق –الايران (اسباب وابعاد والنزاع) , مكتبة الاسكندرية ,١٩٩٢ .

٩-فاضل رسول : كردستان و السياسة السوفيتية فى الشرق الاوسط , تر : غسان نعسان , ط٢ , اكاديمية التوعيةو تاهيل الكوادر , السليمانية , ٢٠١٣ .

١٠-قاسى فوزية : الاستراتيجية الامريكية لمكافحة الارهاب , باشراف نصرالدين ,رسالة ماجستير فى قسم العلوم و السياسة , ٢٠١٢-٢٠١٣.

١١--حمد بن محمد الرشيد :السياسة الخارجية السعودية والامن فى المنطقه الخليج ,باشراف د.عامر مصباح( كلية العلوم السياسة والاعلام ) , قسم العلوم والسياسة و العلاقات الدولية , ٢٠١١- ٢٠١٢ .

**ئینگلیزی:**

1- MassimilionoTrentin: The Middle East And The Cold War British, 2012.
2- MeriHatima: Identity Politics In The Middle East, London, New York, 2007.
3- Christine M. Helms: Iraq Eastern Flank Of Arab World, Brookings Institute, Washington, 1984.
4- Lane CrathersAndNancy. S. Lind: Presidents FromReagan Through Clinton 1981- 2001, Washington, 2006.
5- Lawrence F. Kaplan and William Kristol: The War over Iraq Saddam's Tyranny and American's Mission, U.S.A, 2003.
6- Larry Everest: Oil, Power And Empire: Iraq and The U.S Global Agenda, 2004.
7- William R. Palk: The Arab World Today, London, Harvard University Press, 1991.
8- Blip Hiro: Iran under the Ayatollahs, London, 1985 .
9- James Ridge Way: The March to War (New York), Thunder's Mouthpr, 1991.
10- geffry robbert s :the soviet union in word poltics ,coexistence , revolution and cold war ,1945-1991,new York, 1999.
11- susanne strenthal :unraveling the soviet union gorbachevs change in world view.
12- john swift : the plagrave concise historical atlas the cold war , british , 2003.
13- ross Gregory : cold war America 1946 to 1990 , u.s.a, 2003.
14- orrin schawab : the gulf war and the united state , shaping the twenty –first century , London,2009.
15- thams.r.mockaitis :the Iraq war enclopedia California, usa , 2013.
16- haim shemesh: soviet –Iraqi relations 1968-1988 in the shadow of Iraq –iran conflict , lynne rienner publishers, London,1992.
17- patrick tyler :a world of trouble (the white house and middle east –from the cold war to the war on terror) ,new York , 2009.
18- james ridge way :the march to war , new York ,1991.
19- genin Melina,sineoni morie:the gulf war ,newyork, 2015.
20- fracis fukuyama:gorbachev and the new soviet agenda in the third world , u.s.a,june 1989 .

**سێیەم :**

**ڕۆژنامەی هاوکاری :**

١- ڕۆژنامەی هاوکاری: ژ. ٣٢٠، ١٩٧٦/٦/٣
٢- ژ. ٥١١، ٢ شەممە، ٤/شوباتی/١٩٨٠.
٣- ژ. ٥١٨، ٢ شەممە، ٢٤/ئازاری/١٩٨٠.
٤- ژ. ٥٤٧، ٥ شەممە، ٩/تشرینی یەکەم/١٩٨٠.
٥- ژ. ٥١٧، ٥ شەممە، کانونی دووەم/١٩٨١.
٦- ژ. ٥٩٢، ٥ شەممە، ١٨/حوزەیران/١٩٨١.
٧- ژ. ٩١٣، ٢ شەمە،١٩٨٧/١٠/١٢.
٨- ٥ شەمە، ١٩٨٧/١٠/٢٢.

٩- ژ. ٩٢١، ٢شەمە, ١٩٨٧/١١/٩.

١٠- ژ. ٩٢٩، ٢ شەمە،١٩٨٧/١٢/٧.

١١- ژ. ١٠١، ٥ شەممە،١٩٨٨/٨/٢٥.

١٢- ژ. ١٠٣، ٥ شەممە ١٩٨٨/١١/٣.

١٣-ژ. ١٢٢، ٢ شەممە، ١٩٨٨/١١/٧.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034